# مێتودێکی نویٚ بۆ لابردنی چەوری بیٚ نەشتەرگەری

قەڵەوی یەکێکە لەو گیروگرفتانەی کە تووشی ژمارەیەك مرۆ دێت و دەبێتە هۆی گۆرانکاری لە شێوەی مرۆدا، هاوکات رێگەخۆشکەیشە تا مرۆ تووشی هەندێك نەخۆشی وەك بەرزە پەستانی خوێن ، شەکرە و نەخۆشییەکانی دڵوبۆریەکانی خوێن ببێت . بەپێی رۆژنامەی ئافتۆنبلادێت ی سوێدی رۆژی 050605 ، لە کۆتایی ئەم مانگەدا لە سوێد مێتودێکی نویٚ بۆ لابردنی چەوری ورگ بیٚ نەشتەرگەری هەموار دەگرێت . ئەو رێگە نوێیەش بریتییە لە بەکارهێنانی جۆرێکی تایبەتی سۆنۆگرافێ کە کۆمپانیایەکی ئیسرائیلی دروستیکردوە . بە پێی رۆژنامەکە لە بری ئەوەی نەشتەرگەر مژینی چەوری ژێرپێستی ورگ ئەنجام بدات ئەمرۆ ئەو سۆنۆگرافە دەبێتە دەخرێتە سەر ورگ تا خانە چەورییەکان وردەکات و خوێن دەیان بات بۆ جگەر، ئەویش چەورییەکە دەگۆرێت و وەك ئەوەی لێدەکات کە مرۆ ژەمێك خۆراکی خواردبێت . پاشتر چەورییەکە بە رێگای سروشتی لە لەشدا دەکرێتە دەرەوە . هەروەك لە وێنەکەدا روونکراوەتەوە کە هێماکانی سۆنۆگرافەکە دەبنە هۆی وردکردن و تێکشکاندنی خانە چەورییەکانی نێوان پێست وماسولکەکان بیٚ ئەوەی گۆرانکاری بەسەر خانەی دی دا بهێنێت .




(هێماکانی سۆنۆگرافەکە خانە چەورییەکان تێکدەشکێنێت بێئەوەی زیان لە شانەی دی بدات، سەرچاوەی 1) .

شارەزایانی ئەم بوارە زۆر گەش بینن لەم مێتۆدە نوێیە و بیٚ مەترسی دەدەنە قەڵەم و دەبێژن کە مێتۆدێکی شۆرشگێرانەیە لە بواری تەکنۆلۆژیادا و لەوانەیە هەمان خەرجی نەشتەرگەرییەکی مژینی چەوری ورگی تیٚ بچێت بەڵام نابێت زووزوو ئەم مێتۆدە دووبارە بکرێتەوە نەبادا زیان بە مرۆ بگەیەنێت . هاوکات جەخت دەکەنەوە کە پاش ئەنجامدانی سۆنۆگرافییەکە راستەوخۆ کەمبوونەوەی ورگ دەرناکەوێت و لەوانەیە 2 هەفتە پاشتر ئەنجامەکەی ببینرێت .

**سەرچاوە**

1- رۆژنامەی ئافتۆنبلادێت ی رۆژی 050605 ی سوێدی .